

**عەلی جەشن**

# ماکیاڤێلی
# و
# بیرۆکەکانی

## Machiavellia

سەردەمی رۆشەنگەری یا سەردەمی بوژانەوە کە ئەوروپا تێپەری کرد لە سەدەی پانزدە و شازدەوە دەستی بە چاکسازی کرد کە لە رێی دوو ئاراستەوە (لە ناوە و دەرەوەی کەنیسەوە) رۆژئاوای ئەوروپای کۆنترۆل کرد. ئەم سەردەمەلەلایەکەوە لەسەر ئەساسی سەردەمی کۆن و بەچاولێکەری لە رۆما و یۆنان دامەزرابوو کە بریتی بوو لەبزوتنەوەیەکی ئەدەبی و زانستی کە لەسەرتاکانی سەدەی ١٥و ١٦ پەیدا ببوو بۆ روونکردنەوەی سەدەکۆنەکانی رۆما و یونان .

لە لایەکی تر لەئەوروپا بەگشتی و لە ئیتالیا، بەتایبەتی لە فلۆرانسا دەستی پیٚ کرد و لێرەدا بۆیەکەم جار ئەوانەی کە دەوریان هەبوو بەشێوەیەکی پراکتیکی دەجولانەوەو ئەریستۆکراتە خاوەن پارەو سامانەکان بوون کەتەنیا ئەوانیش توانای کرینی کتێبیان هەبوو وبەدوای دۆزینەوەی ئامێری چاپ دەتوانرا کتێب بۆ هەموو کەس چاپ بکریٚ بەم شێوەیە خەلك بەرەو فێربوون چوون و پرۆسەی کردنەوەی قووتابخانە دەستی پیٚ کرد و لەهەمان کاتدا دوو ئاراستە لەئەوروپا پەیدابوون کە بوون بە دوولایەن :

* لایەنی یەکەم : دیموٚگرافی کە مەبەستی ئەوەیە جگە لە ئەرستۆکراتەکان هەژارەکانیش بگرێتەوە .



* لایەنی دووەم : پشتی نەدەبەستە سەر ئـەدەب وەك تـەنیا سەرچـاوەیەك بـەڵكو زەمینـەی دەرەخساند بـۆ چـوونە نـاو(پـرس گـەلی) مەسـائلی زانـستی و ئـابووری و سیاسیەوە و هەروەها باسی چۆنیەتی دامەزراندی دەولەتی دەكرد.

لێـرەدا ئـەوروپا تـەنها پـشتی نەدەبەسـت بـە شارسـتانیەتی یۆنـان بـەڵكوو شارسـتانیەتی ئیـسلامیش كاریگـەری هـەبوو چـونكە زۆربـەی نووسـراوەكان لـە وڵاتـە ئیسلامیەكانەوە دەهاتن وەك یەكەم لێكۆڵینەوەی ئەرستۆ لە "ئەنتانۆس " .

* لایەنی سێەم : رووخانی دەولەتی بیزەنتی شەرقی لە ١٤٥٢ز كە دەولـەتی رۆمـی بیزەنتی لە توركیا حوكمیان دەكرد كە ئەو كات ئەستەنبوول ناوی قوسـتەنتینیە بـوو و لەم رووخانەدا هەرچی چاپ كـراو كتێبـی مەسـیحی و رۆمـی كـە چـەندین سەرچـاوەی باشی تێدابوو هەموویان بردە ئیتالیا كە نزیكترین شوێن بوو. بەگشتی ئەم سـێ لایەنـە بوو بەهۆی دروست بوونی سەردەمی بووژانەوە وە بـەم شـێوەیە ئاراسـتەیەكە ئـەقڵانی كە پشت دەبەست بە ئەقڵ لە لایەن ماكیاڤلیەوە دەرچوو . ئاراستەیەكەی تر هەبوو كـە پێیان دەگوت تەیاری دینی كە پشت دەبەست بە دین و عەقڵ و لەهەمان كاتدا لەلایەن مارتین لوتر و جۆن كاڤۆن بەرێوە دەچوون و ناویان نابوو پرۆتستانیەت كە ئەوسەردەمەش چوار تایبەتمەندی هەبوو :

١ـ تایبەتمەندی ئابووری : گۆرانكاری كردە سەر ئابووری ئەوروپا و لەقۆناغی كشتوكاڵی گواستیەو بۆ قۆنـاغی بازرگـانی و پەیوەنـدی بازرگـانی و جوتیاری لە نێوان هیندو چین ئیسپانیا دەستی پێ كرد .

٢ـ تایبەتمەندی كۆمەڵایەتی : ئەمە بووە هۆی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی لەم قۆناغە چینی بورژوازی جێگای چینی دەرەبەگایـەتی گرتـەوە كـە ئـەو گۆرانكاریە بەهۆی دۆزینەوەی ئامێری چاپ گۆڕانی رۆشنبیری هێنایە ئاراوە .

٣ـ تایبەتمەندی رۆشنبیری : پاش داگیركردنی ئەندەلوس خەسڵەتە چاولێكەریەكانی رۆما و یۆنان پەیرەو كران .

٤ـ تایبەتمەندی سیاسی: جۆرە دامەزراوەیەك هاتە ئاراوە لە دەرەبەگایەتی ئەوروپا كە بەشێوەی پادشـاو ئەنجوومـەنی پاشـا و موستەشـارەكان بوون و لەهەمان كاتدا ئاراستەیەكی فیكری و ئەخلاقی پەیدا بوو كە لەگەڵ ئەوەدا بووكە مەلیك حوكم بكات نە كەنیسە، كە ئەمجۆرە گۆڕانە سیاسـیە سەرەتایەك بوو بۆ گۆڕانە گەورەكان لە جیهان كە یەكێك لەلایەنگرانی لایەنی ئەقڵانی گەورەپیاوی ڕێنسانس "ماكیاڤلی"یە.

ـ میكاڤلی: مەبەسـت لەباسـكردنی ماكیـاڤلی و لایەنـە فكریـەكانی ئەوەیـە كـە تـا ئیـستا ئێمـە كـە بـاس لـە ماكیـاڤلی دەكـەین زۆر تـر لایـەنی ئیدۆلۆژیەكەكانی وەبەرچاو دەگرین كە لەواقع دا بەم شێوەیە نیە بۆخۆی خاوەنی فەلسەفەیەكە كە خوێندنەوەی بۆ نەسلی(تۆرمە) ئێمـە پێویـستە . بۆ باسكردن لە ژیانی ماكیاڤلی بەم ووتە بەناوبانگەی خۆی دەست پێ دەكـەین كـە دەڵێ :"هـیچ مرۆڤێـك نـە بەتـەواوی شـەرانگێزە وە نەبەتـەواویش خەسلەتی باشی هەیە".ماكیاڤلی لە ساڵی ١٤٦٩ لە فلۆرانسا لەدایك بووە و فەلسەفەیەكی سیاسی هەبوو كـە دەیویـست لـە لایـەك بیرۆكـەی كۆمـاری خوازی دامەزرێنێ و لەلایەكی دیكە لایەنگری لە حكومەتی سەلتەنەتنی"پاشایی" لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ هەلومـەرجی كۆمەڵایـەتی كـە پێویـستی ئـەم سەردەمەبوو دەكرد نـاوبراو بـۆ مـاوە ١٥سـاڵ بەرێوەبـەری كـاری دیپلۆماسـی وەزارەتـی دەرەوی فلۆرانـسابوو و لەچـەندین رێكەوتنامـە كـە لەگـەڵ دەوڵەتانی تر دەبەستران بەشداری هەبوو و یەكێك بوو لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ١٠كەسەكە كەشان بەشانی مەلیك لێكۆلینەوەیان لە كێشەكانی شـەر و ئاشتی دەكرد .كاتێ كەتەمەنی كۆمارەكە بە هۆی شەر كۆتایی پێهات تەمەنی سیاسی ماكیاڤلی تەواو بوو . كە ئەمـەش بـەهۆی كێـشەی سـەرەكی فلۆرانسا كە لەشەردا لایەنگری لایەنی دۆڕاو بوو ئەو شەرەی كە لەنێوان فەرەنسا و یولیوسی دووەم رووی دابوو. كاتێك كە فەرەنسەویەكان لە ئیتالیا دەركران پاپ كەیەكێك لەسەركەوتوانی شەر بوو بەشەرتی هێناوەسەركاری دووبارەی بنەماڵەی "مدیچی" ئاشتی پێكهێنا بەم شێوەیە ماكیاڤلی دوور خرابووەوە لە هەلوومەرجێكی خەراپ لە شارۆچكەیەكی بچووك دەژیا كەبە خوێندنەوەی مێژوو خەریك بوو بۆچـوونێكی تـازەی هـەبوو كەهـەوڵی دەدا باروودۆخی ئیتالیا بگۆرێ و بیكاتە دەولەتێكی یەكگرتوو كە لەچەندین ئیمارات پێكهاتبوو و دەستی كرد بەهەڵسەنگاندنی رۆماو فلۆرانسا پیلانێكی بۆ فلۆرانسا دانا بۆ ئەم مەبەستە چەند كتێبێكی نووسی و بەدیاری دایە كاربەدەستان كە لەو كتێانەدا باسی لەرادەی تەجرووبەی بەرێوەبردنی حكومەت و هەروەها دڵسۆزی خۆی بۆ كاربەدەستان نووسیبوو بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ ناو دەسەڵات بەڵام بەداخەوە ئاكامێكی نەبوو .

**ماكیاڤلی چەند كتێبێكی هەیە كە بریتین لە :**

١ـمیر (١٤٦٩ ـ ١٥٢٧)

٢ـلێكۆڵینەوەیەك لە یەكەم دە كتێبی **TITUSLIVIUS** ١٥١٣ بڵاو بوەوە.

٣ـگووتەكان(گفتارها) بۆ چاكسازی لە نێو دەوڵەتی فلۆرانسا

سەدەی پانزدە سەردەمی گەشەكردنی فەلسەفەی ناوبراو بوو كە ئەقڵ دەكاتە بناغە نەك دین بۆ چاكسازی لەدەوڵەت دا كە ئەو كات نوێنەری خوا حوكمی دەكرد كە پاپ بوو. بەم شێوەیە بەدوای ئەوەی كە كاردینالْ (پاپ كلمنسی حەوتەم) رای دەسپێرێ بۆ نووسینەوەی مێژووی فلۆرانسا بۆ ئەوی بتوانێ ناوبراو لە سیاسەت دوور بكاتەوە و لە سالی ١٥٣٥ز ئەم بەرهەمەش كەپێی سپێردرابوو تەواوی كرد ئەمەش ئاكامێكی نابێ بۆ گەرانەوە بۆ دەسەڵات،و لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٥٣٧ كۆچی دوایی كرد .

**بیرۆكەكانی ماكیاڤلی دەكرێنە سێ بەش :**

١ـ میتۆدی ماكیاڤلی بۆ دەربرینی بیرۆكەكانی

٢ـ بیرۆكەكانی دەربارەی سیاسەت،دەسەڵاتی سیاسی،دەوڵەت

٣ـ راو بۆچوونی دەربارەی ئەمیر و خاسیەتەكانی

١ ـ ماكیاڤلی پشتی دەبەست بە مێژووی دەوڵەتانی تر بەتایبەتی رۆما و بەراوردی دەكرد لەگەڵ ئیتالیا كە مەبەستی ئەوە بوو ئیتالیاش وەك دەوڵەتی رۆمای لێ بێ وچۆنیەتی دووبارەكردنەوەی ئەم بیرۆكەیەی لەسەر پرسیاری چۆنیەتی دووبارەكردنەوەی دەولەتی رۆما بوو ؟

هەروەها كەبینی ئیتالیا لەچەند پارچەیەك پێكهاتووە و هەمیشە پێكەوە لەشەردان و بیرۆكەی چۆنیەتی یەكخستنەوەیان هەبوو،بۆیە زۆر جار پرسیاری دەركرد كە بۆچی ناتوانێ دەوڵەتی رۆما دووبارەبكاتەوە لە ناوئیتالیا و هەربۆخۆی دەڵێت: بۆ گەیشتن بەو مەبەستە چەند كێشەیەك هەیە كە بەم شێوەی خوارەوەن:

١ـ كێشەی ئیتالیا دامەزراندنی دەوڵەتێكە لە كۆمەڵگایەكی پیس هەروەها سروشتی مرۆڤ كە بریتیە لە ئەنانیەت زۆر حەزی لە داگیركاریە و بەتایبەتیش ئەگەر ئەخلاق و ئاین لەو كۆمەلگایەدا نەبێ بەو هۆیەش ئەگەر خاوەن دەسەڵاتەكان بەرجەستەی ئەنانیەت بكەن لەبواری سیاسەوە تەواویستی بەرجەستە بوونی داگیركردن وبەردەام بوونە لە دەسەڵات دا.



٢ـ لێره دا ماكیاڤلی ڕێگا چاره پێشنیار دەكات بۆ پیاوانی دەسەڵات بۆ كۆنترۆل كردنی كۆمەڵگا و بۆ دروست كردنی دەوڵەت لە ناو ئەو كۆمەڵگا خەراپە و ئەوەی بۆ ئەنانیەت ببێتە هاندەرێك بۆ میهرەبانی و هێز و ناوداری چونكە ئەوانەش بەشێكن لە ئەنانیەت و هەركاتێك خاوەن دەسەڵات هەوڵی كۆنترۆڵ كردنی ئەم چەمكانە بدات بەو ئامانجە دەگات .

٢ـ سیاسەت : دەوڵەت هەمیشەهەوڵی بەناوبانگی و بەهێزبوون دەدات و تێدەكۆشێ بۆ پاراستنی بەرەوە زیادبوونی دەسەڵات . مەسەلەیەكی گرینگ هەیە لە بیرۆكەكانی ئەویش دیار نەكەوتنی دەوری ئاینە كە ئەوەش بەو واتایە نیە كە دژی ئاینە و بۆ ئەم مەبەستە ماكیاڤلی سێگۆشەیەكی كێشاوەتەوە كە سیاسەت لە لووتكەی ئەم سێگۆشەیە و ئاین و ئەخلاقی وەكو ستوونێك داناوە بۆ بەرزكردنەوەی سیاسەت وە دەلێ ئاین شتێكی سەرەكیە بۆ دەوڵەت چونكە بەبێ ئەو بنەمایە بەرەو رووخان دەڕوات و تووشی گەندەڵی دەبێ ، بۆیە دەبێ ئایین یارمەتی دەربێ بۆ پێشكەوتنی دەوڵەت بۆ ئەم مەبەستانەی سەرەوە باسمان كرد كە ئەگەر ئەوخاسیەتە لە ئاین جیا بكەینەوە ئەوە بێ ناوەرۆك دەمێنێتەوە . بەلام لێرەدا پرسیارێك هەیە كە بۆچی ماكیاڤلی باسی ئایین دەكات ؟

ماكیاڤلی بروای بە مسیحیەت نیە و لێی تێناگا چونكە ئەو مومارسە سیاسیەی كە كەنیسە دەیكرد بەشێوەی سیاسی زۆر خەراپ بوو كە لە ئاكامدا گەیشتە ئەو بڕوایەی كە ئایین تەنیا ئامرازێكە بۆ دەوڵەت و سیاسەت وبڕوای وابوو ئەو دەوڵەتانەی كە دادەمەزرێن نابێ لەسەر بنەمای ئایین بن بەڵكوو دەبێ لە بنەماكەیان عەقلانی بێت چونكە ئایین تەنیا بۆ دروست كردنی كۆمەلگا سوودی هەیە كە ئەمەش لە مەسیحیەت وەرنەگیراوە و مەسیحەت نابێ ببێت بەئاینی سەرەكی دەولەتان چونكە ئەو كەسەی تەفسیری دەكا زۆر بەهێزە و و ئایین دەبێ خزمەتی سیاسەت بكات ونابێ داوای ئاشتی بكات كە ئەمە وادەكات ئێمە واز لە مەسیحیەت بهێنین كەبەشێكی زۆری ئەم شێوە بیركردنەوەی ماكیاڤلی بەهۆی ئەوە بوو كە چونكە دەوری بەرچاوی هەبوو لەناكۆكیەكانی ناوخۆی ئیتالیا و نەی دەهێشت یەك بگرنەوە سەرچاوەیان گرتووە . ماكیاڤلی یەكێك لەو كەسانەیە كە باوەڕی بەئایین نەبوو وەك دەولەت و بروای رەهای بە عەقلێ و سیاسەتە لەبەر ئەوەی سیاسەت ئەنجامێكە لە ئەنجامەكانی عەقلێ و هێزی دەوڵەت پشت دەبەستی بەشێوەیەكی زۆر لەسەر بەهرە عەقلیەكان بۆیە سیاسەتی لە لوتكە داناوە.



٣- دەسەڵاتی سیاسی لای ماکیاڤلی هەروەك خۆی دەڵی: دەسەڵاتی سیاسی ئامانجێکە خۆی لەخۆیدا دەبێ بەرجەستە بکرێ و بەبێ گەیشتن بە دەسەڵات ناتوانین ئامانجەکان جێبەجێ بکەین و بڕوای وایە کە چوار ڕێگاش هەیە بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی :

١- پشت بەستن بەهێز.

٢- بەهۆی حەزلێبوون .

٣- بەهۆی پشتیوانی لەلایەن خەڵك کە بەڕێگای هەڵبژاردن بەدەست دێت .

٤- بەهۆی تاوان (جرم)

لای ماکیاڤلی سیستەمی سیاسی ئەو کات هەموویان خراپ بوون یان ئەوەتا ئالیەتی خراپیان هەیە یان ئەوەتا لایەنی دینی کاری لەدەسەڵاتی سیاسی کردووە وبەم شێوەیە باس لەڕێگا چارە دەکا بۆ ئەم سیستەمەو دەڵێ باشترین سیستەمی سیاسی بۆ وڵات سیستەمی ئەمیرەو وەك سیستەمی سیاسی ڕۆما کە ئیستیبدادی موتڵەقە و لەگەڵیشیدا مەجلیسی شیوخ هەیە( هەروەها مەجلیسی خەلکیش کە هەمان پەرلەمانی ئێستایە لەم سیستەمەدا هەیە) کە ناکۆکیەکانی ناو ئیتالیا ناهێڵێ و لە پەرتووکی محازرات (گفتارها) دەڵی سیسەتمی سیاسی کۆماری باشترە. مەبەستی لێرەدا ئەوەیە کە دەسەلات بەدەست تاکێکەوە نیە بەڵکو بەدەست کۆمەڵی خەڵکە کە ئەم حکومەتە باشترە لە مەلەکی چونکە ئازادی فراوانترە و دەوڵەتێکی بەهێز پێك دێنێ کە بۆ ئەم مەبەستە چوار بەڵگەی هێناوەتەوە:

١- لە سیستەمی سیاسی کۆماریدا پلەو پایە دەداتە ئەو کەسانەی کە خاوەنی پسپۆری واتە تیکنۆکراتن، بەڵام لەبەرئەوەی سیستەمی مەلەکی پشتاوپشتیە بەشێوەی بۆماوەیی دەسەڵاتەکان ئەگوازرێنەوە جا بۆیە لەو حاڵەتەدا حاکەمیەت دەکەوێتە دەست مرۆڤی لاواز کەلە خێزانی مەلیکن و ناتوانن بەباشی حکومەت بکەن .

٢- سیستەمی سیاسی کۆماری هەمیشە پابەندی هەیە بەو پەیماننامانەی کە لەنێوان وڵاتاندا دەیبەستێت بەڵام لەسیستەمی مەلەکی دا لەبەرئەوی بەرجەستەی بەرژەوەندی تاکی تێدایە مەلیك بەمەیلی خۆی دەیگۆڕی .

٣ـ سیستەمی سیاسی مەلیکی نەرمی تیدانیەو ناتوانێ خۆی لەگەڵ گۆرانکاریەکانی سەردەم بگونجێنێ بەڵام لەکۆماریدا بەپێچەوانەوەیە.

٤ـ سیستەمی سیاسی مەلیکی تەنیا خێزانی مەلیك دەگرێتەوە بەڵام لە کۆماریدا خەلکانی تریش بەشدارن.

و سێ قۆناغی وەرگرتووە کەلە سیستەمی سیاسی رۆما بەم شێوەیە بوون:

١ـ قۆناغی کۆماری ٢ـ قۆناغی قونسولی ٣ـ قۆناغی ئیمپراتۆری

باس لەسیستەمی سیاسی ئیتالیا دەکا کە ئەوکات لەچەرخی کۆماری مەجلیسی خەڵك و شیوخ هەبووەو سیستەمی سیاسی مەلیکی بۆ نەهێشتنی ناکۆکیەکان بوە پاشان قۆناغەکە دەگوازرێتەوەو دەچنە ناو قۆناغی کۆماری.

دەوڵەت لەلای ماکیاڤلی: بەم شێوەیە پێناسەی دەوڵەت دەکات و دەڵێ: ئەو رێکخراوەیە کە هێز قۆرخ دەکاتو هەروەها پراکتیکیشی دەکا لەسەر گەلێکی دیاریکراو لەناو هەرێمێکی دیاریکراو کە سێ رەگەزی هەیە( گەلو هەرێمو هێز) پێویستە باس بکرێ کەبۆ یەکەم جار ئیپتیکاری وشەی دەوڵەت دەکات. ماکیاڤلی وەکو هزرمەندێك کەسایەتی دەوڵەتو کەسایەتی دروست کردنی بریار بەیەك داناوە لەو دەوڵەتەی کە سیستەمی ئیستیبدادی هەیەو باس لە دوو بیرۆکەیە دەکا بۆ دروست کردنی دەوڵەت کە بریتین لە:

ا ـ شێوەی دینی کە نموونەی دەوڵەتی دینیە

ب ـ شێوەی عەقڵانی واقعی کە لەم شێوەیەدا ئایین دەورێکی کاریگەری نیە لەدەرکردنی بریارو دروست کردنی یاسادا.



هەروەها دەڵی رێی ئایینی رێیەکی زرۆ کورتەو دەوڵەتەکەی زۆر زوو دەرووخێ و باشترە دەوڵەت لەسەر ئەساسی عەقڵانی بێت چونکە گشت ئەنجامە سیاسیەکان لە عەقڵ دەردەچن و زیاتر لەگەڵ عەقڵ دەگونجێ هەروەها سەبارەت بەمیرو تایبەتمەندیەکانی دەڵی میر کۆمەڵگایەکە کە حوکم دەکات نەك وەك ئەو چوار رێگایەی کە پێشوو باسمان کردو ئەو کۆمەڵگایە لەسەر ئەساسی خیبرەی خۆی حوکم دەکاتو لەوبروایە دایە سروشتی کۆمەڵگا گەندەڵەو مرۆڤەکان کە لە ژیاندا بەربەرەکانی دەکەن لەسەر ئەساسی ریایىو درۆو فێڵو ...و هەمیشەپێکەوە ناکۆکیەکان هەیە هەر لەو رۆژەوە کە لەدایك دەبنو گەورە دەبن ئەو سروشتە نەگۆرەو دەبێ میریش لەسەر ئەم ئەساسە هەڵسووکەوت دەگەڵ ئەو کۆمەڵگایە بکاتو خاسیەتەکانی میر بەم شێوەیە دەژمێرێت :

١ـ واقعبین بێت   ٢ـ ئەنانی بێ    ٣ـ مەزنایەتی شەڕ واتە لایەنگری شەر بێت   ٤ـ مێر دەبێت حەز لەخێر کات نەك لەشەر تەنها  لەکاتی نـەبوونی خێر شەر پێویستە    ٥ـ دەبێ لەهەموو کات دا درندەو نەرم بێت   ٦ـ گەورەیی  لەسەروی هەموو شتێك بێت واتە لەسەرووی دینو ئـەخلاقو خێـر...

٧ـ دەبێ خاوەنی خیبرە بێت   ٨ـ ئامانجی نەهایی گەیشتن بەو مەبەستەیە کە هەیەتی

هەروەها دەڵێت ئەو تاکەی کە حوکم دەکات دەبێ دوو لایەنی هەبێت  ١ـ لایەنی ناوخۆیی  ٢ـ لایەنی دەرەکی

١ـ ئاستی ناوخۆیی دەڵی هەر مێرێك دێتە سەر دەسەلات دەبێ ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێت .

ا ـ دەبێ دەوروبەری خۆی باش بناسێت، دۆستو برادەر لە دوژمنەکانی جیا بکاتەوەو دەبێ زیاتر لە برادەرەکانی بترسێ نەك لـە دوژمـن چـونکە دوژمن دیارە لەسەرەتا دەبێ دوژمنانی یەك لەدوای یەك لەناو بەرێتو برادەرە باشو خراپەکانی لەیەك جیابکاتەوە .

ب ـ دەبێ بە دڕندەیی هەڵسووکەوت بکاتو لەهەمان کاتیش دا لێبووردەیی هەبێت بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بـە یاسـای بـاشو چـەکی بـاش هەیە.

٢ـ ئاستی دەرەوە : مێر دەبێ لە گۆرەپانی سیاسەتی دەرەوە وەك شێرو ڕێوی بێت لەبەرئەوەی ئەگەر بە تـەنیا شـێر بێـت لەدارسـتانەکەدا کـە تەڵە زۆرەو دەکەوێتە ناوییەوەو ئەگەر تەنها ڕێوی بێت بەگۆرگەکان ناوێرێت .

ڕەگەزەکانی هێزی دەوڵەت چەند بنەمایەکی هەیە کەبریتین لە :

ا ـ دەبێ بەپیلانی دوژمنانی بزانێ بەهۆی ئامێری پەیوەندی گرتنو کۆکردنەوەی زانیاری‌یـەکان کـە تـا ئێـستاش ئـەم شـێوە کـارە لـە دەوڵـەتان بەردەوامە.

ب ـ دەبێ هێزێکی نیزامیو سەربازی باشی هەبێت بۆ پشت پێبەستن.

ج ـ هەبوونی چەكو تەقەمەنی کە بەهێزی ناوخۆیی دروست کرابێت .

هەروەها بنەماکانی فرتوفێلی مێر ئەوەیە کە دەبێ ئەو پەیماننامەی کە لەگەڵ دەوڵەتان دەبەستێ پابەند نەبێ پێی ئەگەر زانـی زیـانی هەیـە بـۆ ولاتەکەی و نابێ خەڵك لە وردەکارییەکانی ئەم پەیماننامانـە ئاگـادارین واتـا مەبەسـتێتی کـە کەرەسـتەکانی پروپاگەنـدەو ڕاگەیانـدن بـەکاربهێنێ بـۆ

ئەوەی کە لەکاتی شەرکردن کە هەستی کرد ئامانجەکەی راستە بۆ ئەوەی خەڵك پشتیوانی لێبکەن‌و لە وردەکارییەکانی ئەم پەیماننامانە نازانن واتە دەبێ دەزگای راگەیاندن لە خزمەتی نەتەوە بێت.

بەکورتی ماکیاڤلی سەبارەت بەسروشتی مرۆڤ لەو بڕوایەدایە کە هەر لێکۆلینەوەیەك لە سیاسەت دەبێ لەسروشتی مرۆڤ و ئیمکانەتەکەی‌و بەربەستەکانیەوە دەست پێبکات‌و تیگەیشتنی ئێمە بۆ مرۆڤ روونکردنەوەی دوو مەبەستە کە یەکیان ئەوەیە کە بە روانگەی ئێمە مرۆڤ لیاقەتی چ جۆرە حکومەتێکی هەیەو ئەویتر ئەوەیە کە بەراستی مرۆڤ توانای چ جۆرە حکومەتێکی هەیەو کاتێك کە گەندەڵی و بێ سەرووبەرەیی سەراتاپای ژیانی خەڵك دادەگرێ وپێویستی بە پێکهێنانی حکومەتێکی سەلتەنەتی (پادشایی) ئیستیبدادی هەیەو بەدوای ئەوەی کە حکوومەت پاك بوەوە لە گەندەڵی‌و هەڵخوازی پێویستی  حکومەتێکی کۆماری دێتە ئاراوە.

ماکیاڤلی‌و فەلسەفەی سەردەمی ئێمە: ماکیاڤلی یەکەمین کەسە کە تیشەی لە ریشەی هەیکەلی بیروبۆچوونی سیاسی و مەزهەبی کاتۆلیکەکانی سەدەی ناوەراست داوە و بیرووبۆچوونێکی هەیە سەبارەت بەهێزی ئابووری کە (مارکس وەك بنەماو بنەمای هەر جۆرە گۆرانکارییەکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی فیکری دادەنا) جیاواز بوو، بەڵام ئەویش وەك مارکس باوەری بەو دیسیپلینەیە کە خواوەند لەسەر ئەساسی پرۆژەی خۆی بۆ مرۆڤ و دونیاکەی پێکهێناوە نەبوو. و دەڵێت دەسەڵاتدارێکی سەرکەوتوو دەبێت بتوانی چۆن لەهێزە شەهوانیەکان‌و نەفسیەکانی کەڵك وەربگرێت‌و کۆنترۆلی بکات‌و لاپەرەیەکی نوێ لە ئەندیشەی سیاسی بکاتەوەو بنەمایەك بۆ هەموو پێشکەوتنە تازەکان پێك بهێنێت. و یەکێك لە بەها گرنگەکانی ماکیاڤلی لەمێژووی بیری سیاسی دەبێ سیاسەت لەسەر بنەمای هێزبێ واتە ریالیستی بێت.

**ئەنجام:**

لەماوەی دوورو درێژی سەدەکانی ناوەڕاستدا ماکیاڤلی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر هزری سیاسی و پاش ماندوو بوون لە باس و خواسی ئایینی، رێگەی بەرەو لێکۆڵینەوە نائایینیانەی دەسەڵات کردەوە.لە بیری ماکیاڤلی دا خۆ گوونجاندنێك هەیە لە نێوان تێڕوانینی بۆ مرۆڤ وپراکتیکە کردنی دەسەڵات.ئەو پێی وابوو مرۆڤ بە شێوەیەکی زاتی خۆپەرەست، غیرە،سنوور بەزێن و دەسەڵات خوازە و هیچ شتێك ئارەزوە لی بڕان نەهاتوەکانی تێر ناکا و هەرلەوێشەوە بڕوای وابوو کە دەبێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو مرۆڤە دەسەڵاتێکی رەهاو بەزەبروزەنگ لە ئارادابێ.لە روانگەی ئەوەوە سیاسەت هوونەری بەکارهێنانی تواناکانە. ماکیاڤلی لە ئەزموونە تاڵ وهەژێنەرەکانیەوە تیۆریەکانی خۆی داڕشت و بۆ یەکەم جار دەسەڵاتی

وەکوو ئەوەیی کەهەیە سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ. نەک ئەوەی دەبێ هەبێ، خستە ژێر لێکۆڵینەوەوە. هێندێک لە توێژینەرەوان پێیان وایە ئەو بە تێروانێنیکی وردبینانەوە رێژەی بوونی مێژوو و سیستەمە سیاسیەکانی شیکردۆتەوە و هەندێکی تریشیان لەسەر ئەو بروایەن جۆرە دژایەتیوتێکەڵاویەک لە هزری ماکیاڤلییدا هەیە.

هەروەک ئاشکرایە ماکیاڤلی بروای بە هیچ چەشنە پێوەرێکی رەهای نیە بۆ سیاسەت و پێی وایە ئەخلاق ـ نۆرم و رێوشوێن ویاساکان ـ لە رێگەی سیستەمی سیاسی دەسەلاتدارەوە دیاری دەکرێت ودەبێ لە خزمەتی دەوڵەت وبەرژەوەندی نەتەوەیی دا بێ.کێشەی نێوان کەنیسە و دەسەلات کۆتایی نەهات و لەویش زیاتر لە سەدەی شازدەدا جیایی وشەقار کەوتە نێو خودی کەنیسەشەوە. لەم سەدەیەدا بزووتنەوەی چاکسازی دینی **REFORMATION** کە زەمینەیەکی لە باری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی بۆ رەخساندبوو سەریهەلدا کە ئەم بزووتنەوەیە لەسەر دەستی مارتن لۆتر (١٤٨٣ ـ ١٥٤٦ ) وجیان کالڤۆن ( ١٥٠٩ ـ ١٥٦٤ ) دەستی پێکرد.لۆتەر نیازی وابوو جیایی و دابڕان لە کەنیسەدا درووست بێ بەڵکوو دەیهەویست چاکسازی تێدا ئەنجام بدات لەگەڵ ئەو هەموو ئاڵووگۆڕانەدا بیگوونجێنێت کە بەرۆکی تەواوی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی گرتبوو. بەلام رەوتی گۆڕانکاریەکان بەرەو جیایی وگێروگرفت رۆیشت.هەم لۆتەر و هەم کالڤۆن لەگەڵ رای مارسیلیۆس و ماکیاڤیللی دا بوون و پێیان وابوو دەبێ کاروباری مادی و مەعنەوی لە یەکتری جیا بکرێنەوە و لە روانگەی ئەوانەوە پێوەندی دینی و مەعنەوی" پێوەندی نێوان رۆحی مرۆڤی ئەبستراکتە لەگەڵ خوداوتاکەکان نەک بە شێوەیەکی کۆ بەڵکوو بە شێوەی تاکە کەسی دەکەونە ژێر رەحمەتی خواوەند" و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە بە مرۆڤ پێویستی بە پایانیە دەتوانی بەبێ هیچ نێوانێک و راستەوخۆ داوای بەخشین لە یەزدان بکات هەرلێرەشەوە بەردەوام جەختی لەسەر گرینگی تاک و سەربەخۆیەکەی دەکردەوە.

**سەرچاوەکان:**

١ ـ رێگووزەری بیری سیاسی نووسینی: سڤین ئێرک لیرمان لاپەرە(٨٣)

٢ ـ کۆمەڵێک لە وانەکانی بیری سیاسی لە کۆلێژی زانستە رامیاریەکان

٣ ـ خداوندان اندیشه سیاسی / فصل دوم ـ نیکول ماکیاولی ١٤٦٩ ، ١٥٣٧ لاپەرە(٦١٥)

٤ ـ رۆحی یاساکان / ئیری شێخ شەرەفی کردوویە بە کوردی لە پێشەکی دا لاپەرە (١٣)